ئەگەر یەکێکتان بمرێت شوێنەکەی پێنیشاندەدرێت لە بەیانیان وئێوارادا

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان بمرێت شوێنەکەی پێنیشاندەدرێت لە بەیانیان وئێوارادا، ئەگەر خەڵکی بەهەشت بوو؛ ئەوا شوێنەکەی لە بەهەشتدا پێنیشاندەدرێت، ئەگەر خەڵکی دۆزەخ بوو؛ ئەوا شوێنەکەی لە دۆزەخدا پێنیشاندەدرێت، ودەووترێت: ئەمە شوێنی تۆیە (لە ڕۆژی دواییدا کە پێی ناگەیت) هەتا خوای گەورە زیندووت دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕایدەگەیەنێت کە هەر بەندەیەك بمرێت؛ ئەوا شوێن وپلە وپایەی تایبەتی خۆی پێنیشان دەدرێت لە بەهەشت یان لە دۆزەخ؛ لە سەرەتا وکۆتایی ڕۆژدا، شوێنی لە بەهەشتدا دەبێت ئەگەر خەڵکی بەهەشت بێت، وشوێنی لە دۆزەخدا دەبێت ئەگەر خەڵکی دۆزەخ بێت، وپێی دەووترێت: (ئەمە شوێنی تۆیە کە بۆی دەچیت لە ڕۆژی قیامەتدا). پیشاندانیان ئاسوودەییە بۆ ئیمانداران، وئازاردانی کافرەکانە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11210